لەئەرشیفەوە

# بەیاننامەی ڕێکخراوەی دیموکراتیە کوردستانیەکان بەبۆنەی یادی شەهیدانی (9)ی حوزەیرانی(1963)وە

دوای ئەوەی چەتە بەعسی یەکان کاروباری وڵاتیان گرتەدەست کەوتنە پەیمان دان و قسەی شیرین کردن دەربارەی شۆڕشی پیرۆزی گەلەکەمان وە دروست کردنی وەفدێك بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی شۆڕش دا بەسەرزاری. بەڵام لەژێرەوە کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ شەڕیکی دڕندانەو هێرشێکی کوتوپڕ بۆ سەرگەلی کوردی ئاشتی خواز. تا لەبەرەبەیانی(9)ی حوزەیراندا قەدەغەی هاتووچۆیان کردو دەستی پیسیان بەجارێك خستەروو بەگرتن و کوشتنی خەڵکی بی تاوانی شارەکانی کوردستان کە لەچەکی بیرو باوەر بەولاوە هیچ چەکیکی کەیان پی نەبوو بەنیازی لەناوبردنی نەتەوەی کورد وە بۆ ئەو مەبەستە دەسەلاتی کوشتن و برینیان دایە هەموو جەندرمەیەکیان بەبەیانیکی رەسمی لە (مەجلسی قیادەی ثورة) جەردە بەعسیەکان دڕندەییەکی ئەوتۆیان نواند کە تائیستا نەبیستراوە بەتایبەتی لەشارەکانی سلیمانی و کەرکوك و هەولیرو کۆیەدا بەسەدان رۆلەی قارەمانی کوردیان نا بەنیشانەوەو زیندەبەچالیان کردن وە هەزاران لاوو پیرو ئافرەت و مندالی بێ تاوانیان ترنجانە بەندیخانەو تەویلەی ئۆردووگاکانیانەوە. بەدەیان ئافرەت پەلاماردران و بەدەیان خیزان دەربەدەرکراو مالیان کاولکرا. چواردەوری شارەکان بەسەنگەری سەربازی و تانك چنرا تاوای لیهات ریگای هاتوچۆی شارەکان بەهیچ جۆریك نەما و برسیتی و بیدەرامەتی تەنگی بەخەلکی هەڵچنی. ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە هیرشیکی جانەوەرانەیان بردەسەر گوندو شارە ئازادکراوەکانی کوردستان بەفرۆکەو تۆپ و تانك کەوتنە ویران کردنی دیهاتی کوردستان و کوشتن و گرتنی دانیشتوانی بیتاوانیان و دەرپەراندنیان و نیشتەجیکردنی عەشائری عەرەب لەمەلبەندەکانیاندا. دەغل و دانی ئەو سالەی بەرهەمی جووتیارانی کوردستان بەئاگری ئەو فاشستانە دامرکایەوە. بەڵام ئەو هیرشە دڕندانەیە بەهیچ جۆریك لەبیروباوەری خەڵکی قارەمانی کوردستانی کەم نەکردەوە بەلکو بەپیچەوانەی ئامانجی دوژمنانەوە تائەهات باوەری خەلکی کوردستان بەشۆڕش و سەرکەوتنی بەهیزتر ئەبوو رق وقینیان بەرامبەر دوژمنانی نەتەوەکەمان زیاتر ئەبوو خەلکی زیاتر بەگەرم ترەوە خۆی بەخت ئەکرد لەپیناوی ئامانجەکانی شۆڕش دا. بۆیە رۆلە نەبەزەکانی گەلەکەمان بەرەوپیری مردن ئەچوون و ریگەی شەرەف و سەربەرزیان هەل ئەبژارد نەك سەرشۆڕکردن بۆ دوژمن. قارەمانیتی ئەو شەهیدانە بەجۆریك بوو تەنانەت جیّی سەرسوورمانی ئەو جەردە خوین ریژانەش بوو.

پیشمەرگە قارەمانەکانی لەشکری شۆڕشگیری کوردستان بەوپەری لەخۆبووردن و ئازایەتیەوە بەرەنگاری تۆپ و تانکی دوژمن بوو وە لەهیچ

فیداکاریەك دریغیان نەئەكرد لەپیناوی پاراستنی قەوارەی نەتەوایەتیمان دا. وە هیرشەكانیان بۆ سەر دوژمن توند تر ئەكردو هەر رۆژە ناوچەیەكیان لەدەسەلاتی دوژمن پاك ئەكردەوە .

پاش چەند مانگێك سووپای بەعسیەكان لەژیر جەزرەبەی تیپەكانی لەشكری شۆرشگیری كوردستان دا شپرزەوشەق وشرر بوو لە 1963/11/18 دا تاقمیك لەكاربەدەستانی میری و ئەفسەرانی ئەو سووپایە توانیان هەلگەرانەوەیەك پیك بهینن و بەعسییەكان لابدەن. وە بەسەرۆكایەتی عبدالسلام عارف جیگەیان بگرنەوە. كاتیك تاقمی عارف كاروباریان كەوتەوە دەست كەوتنەوە بەكارهینانی پیلانی بەعسییەكان بەرامبەر بەشۆرشە پیرۆزەكەمان بەدروست كرنی گفتوگۆ لەگەل سەركردایەتی شۆرشدا بەنیازی كات بردنەسەرو پاك كردنەوەی ریزەكانی خۆیان و دەم كوت كردنی هەموو دەنگیك و تەفرو توناكردنی هەموو هیزیك كە بەربەرەكانیان بكات لەناو دەستەو كۆمەلە عیراقیەكاندا. بەكورتی تاقمی عارف لەپیناوی چەند ئامانجیكی تایبەتی خۆیاندا هەندی هەنگاو ئەنین كە گوایا نیازی چاكەیان هەیە لەگەل گەلی كوردا وە ئەمەش شتیكی ئاساییە چوونكە هەر ئەمان بوون هاوبەش و داردەستی بەعسییەكان لەلیدانی گەلی كورد.

ئەی رۆلە بەشەرەفەكانی گەلی كورد خوینی شەهیدەكانمان داوامان لیئەكەن كەزیاتر چاوكراوەبین وە یەكیتی ریزەكانمان بپاریزین و پتەوی بكەین. دەرفەت نەدەینە هەل پەرستان و دوژمنان بۆ سوودی تایبەتی خۆیان تێكی بدەن و بەپەیمانی درو تەفرەمان بدەن. پیویستە زیاتر پشتگیری شۆرشەكەمان بكەین و بەردەوام بین لەخەباتی و كۆلنەدانی نەتەوەكەیان وە دل نیان لەوەی رەنج و خۆبەخت كردنیان بیهودە نەبووە و خوینیان بەفیرۆ ناروات بەلكو هاكا لەسایەی یەكیتی و قووربانی و خەبات و سەروەری پارتی دیموكراتی كوردستان و پیشمەرگە قارەمانەكانی لەشكری شۆرشگیری كوردستان و ریكخراوە كوردستانییەكانەوە شەبەقی بەخوین ئال هەلگەراوی ئۆتۆنۆمی لەئاسوی كوردستانی عیراقدا دەركەویت. ئیمەی ئافرەتان و لاوان و مامۆستایان و قووتابیانی كوردستان بەم بۆنەیەوە پەیمان تازە ئەكەینەوە كە لەریبازی كوردایەتی لانەدەین و دەست بەرداری شۆرش نەبین وە ئەو ریگەیەی شەهیدانمان گرتیانەبەر بەری نەدەین تائامانجەكانی شۆرش بەتەواوی دیتەدی و ژیانیكی خۆش و ئاسوودە بۆ گەلەكەمان دروست ئەكەین.

نەمری بۆ گیانی پاكی شەهیدانی ریگای رزگاری كوردستان

پتەوتر بیت ریزەكانی بزووتنەوەی كوردایەتی

سەركەوتن بۆ شۆرشەكەمان بەسەركردایەتی پارتی پیشرەوی خەلكی كوردستان بۆ بەدیهینانی ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستانی عیراق و دیموكراتی بۆ عیراق.

مەكتەبی سكرتاریەتەكانی
یەكیتی قووتابیانی كوردستان– عیراق
یەكیتی ئافرەتانی دیموكراتی كوردستان
یەكیتی مامۆستایانی كوردستان
یەكیەتی لاوانی دیموكراتی كوردستان
1964/6/9